# ڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە, حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (166) یەکشەممە 2007/1/21


## 11673بەرهەمی تایبەت بە کورد دەچێتە نێو تۆڕی ئینتەرنێتەوە

ناوەندی ئەوروپا بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی (NELK) کە بارەگەکەی لە شاری بەرلینی وڵاتی ئەڵمانیادایە لەم دواییانەدا مەزنترین کەتەلۆکی پەرتوکی پەیوەندیدار بە کورد و کوردستانی خستە سەر تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

شیاوی باسە کە پەرتوکخانەی ناوەندەکە گەورەترین پەرتوکخانەی ئەڵمانیایە کە زۆرترین کتێبی کوردی تێدابێ، هەزاران پەرتوک و لێکۆڵینەوەی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی سەبارەت بە کوردو کوردستانی لەباوەش گرتووە.

ئەم ناوەندە دەوڵەمەندترین مەڵبەندە بۆ ئەوانەی کە بیانەوێ لێکۆڵینەوە لە سەر کێشەی کورد و کوردستاندا بکەن.

# ئەمریکاو سیاسەتمەدارانی تورکیا، ئەردۆگان هۆشیار دەکەنەوە!

دوای هەڕەشە بەردەوامەکانی تەیب رەجەب ئەردۆگانی سەرۆکوەزیرانی تورکیا سەبارەت بە دەستتێوەردان لە کێشەی کەرکوک و لەشکرکێشی بۆ باشووری کوردستان، حکومەتی ئەمریکا راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەو دیبلۆماتێکی ناسراوی رەوانەی تورکیا کرد تا کێشەی کەرکوک و داخوزیەکانی تورکیا تاوتوێ بکات و لەنزیکەوە لەگەڵ ئەردۆگان کۆببێتەوەو سەبارەت بە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتێکی دیکە هۆشیاری بکاتەوە.

لەم پێوەندیەدا **نیکۆلاس بورنس** راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رۆژی 18-1-2007 لە ئەنکارا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی تورکیا کۆبۆوە، دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە بە رۆژنامەوانانی راگەیاند کە: "عێراق وڵاتێکی سەربەخۆیە، عێراقیەکان بۆخۆیان بڕیارەکانیان دەدەن و وڵاتانی دیکە بۆیان نیە دەستی تێوەربدەن".

ئەم لێدوانە حکومەتی تورکیای دڵتەنگ کردو ئەمریکای بەوە تۆمەتبارکرد کە بۆ لێدانی گەریلاکانی پەکەکە هاوکارییان ناکات.

لەلایەکی دیکەشە **تۆم کەیسی** وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەلێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا وتی: "دەستووری عیراق چەند میکانیزمێکی سەبارەت بەکێشەی کەرکوک دیاریکردووە، ئێمەش چاوەڕێ دەکەین تا حکومەتی عیراق لەسەر جێبەجێکردنی سەرجەم پلانەکان کە لەو چوارچێوەیەدا دارێژراون بەردەوام بێ".

هەروەها **سلێمان دەمیرێلی** سەرکۆماری پێشووتری تورکیا کە لە ئەستەنبوڵ بەشداری کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە (رووداوەکانی ئەم دواییانەی تورکیا و وڵاتانی دەوروبەر)دا کردو رامانی خۆی ئاشکرا کرد، گوتی : "ئەگەر تورکیا دەوڵەتی کوردی بکاتە بیانۆ و دەستتێوەردانی هەرێمی بکات ئەوە خوێنێکی زۆرتر دەڕژێ، بۆیە دەبێ تورکیا ئەم پرسە بە رێگەی دیبلۆماسی چارەسەر بکات سوپا رەوانەی وڵاتێکی دیکە نەکات"

هەر لەم پێوەندیەدا **ئۆسمان باموک** ژەنەراڵی خانەنشینکراوی تورکیا هەڕەشەکانی کاربەدەستانی تورکیای بە بۆچوونێکی شێتانە لێکدایەوەو لە لێدوانێکدا ئاشکرای کرد "ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر باکووری عێراق، رووبەڕووی حەوت ملیۆن کورد دەبێتەوە، بەمەش زیانێکی گەورەی پێدەکەوێ"

## بەغداد پێویستی بە 120000 سەرباز



**هەواڵەکان:** بەرنامە نوێیەکەی حکومەتی بووش سەبارەت بە عێراق لە دەستپێکدا گێڕانەوەی ئاسایش و هێمنایەتی بۆ شاری بەغدادە، ژەنەراڵەکانی سوپای ئەمریکا پێیانوانە کە دەبێ 120000 لەشارەکەدا هەبن تا بتوانن کۆنترۆڵی هەموو شارکە بکەن.


بەپێی ئەو بەرنامە نوێیە، حکومەتی ئەمریکا هێزێکی دیکە رەوانەی عێراق دەکات، بەڵام دیسانیشەوە هەندێ لە پسپۆرانی سەربازی ئەمریکی ئەم هەنگاوە بە کارێکی نارەوا دادەنێن، جۆزیف هاوەر ژەنەڕالی خانەنشین لە لێدوانێکدا گاڵتەی بەو بەرنامەیە هات و رەوانەکردنی سەربازی زیاتری بۆ عێراقیش بە کارێکی بێواتا لەقەڵەم دا.

حکومەتی ئەمریکا پێیوایە مادام حکومەتی عێراق و سوپای عێراق بۆخۆیان ناتوانن کۆنترۆڵی پێتەخت بکەن، ئیدی توانای ئەوەیان نابێ کە پارێزگاری لە وڵاتەکەیان بکەن، بۆیە دەبێ لەم قۆناغەدا هاوکاری زیاتر بکرێن، بەوهۆیەشەوە شەش مانگی دیکە ماوە لەبەردەم حکومەتی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی بەغداد و بنبڕکردنی میلیشیاکان، ئەگەر لەو ماوەیەدا پلانەکە سەری نەگرت، لەوانەیە ئەمریکا و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بیر لە هەڵوەشانەوەی عێراق بکەنەوە.

## لەم ژمارەیەدا


ل3

کورد و ئەمریکاو 2007



ل4

پێویستە (25)دیناری چاپی سویسری بلۆک بکرێت



ل6

فریودان لە پەنای خۆشەویستیەوە




## سۆسیال دیموکراتی سوید دۆستێکی کورد بە سەرۆک هەڵدەبژێرێ



**هەواڵەکان:** دوای ئەوەی لە مانگی ئەیلولی 2006 پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید لەهەڵبژاردن دۆڕاندنی و نەیتوانی لەگەڵ هاوپەیمانانیدا زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان مسۆگەر بکات و کابینەی حکومەت پێکبهێنێ، **یۆران پارشۆنی** سەرۆکی ئەو حزبە دانی بە شکستی خۆی داناو بڕیاریدا دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە.

لەپێوەندی هەڵبژاردنی کەسێکی دیکە لە جێگەی ئەودا، پارتی ناوبراو کۆمیتەیەکی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک دیاری کردووە، ئەوانیش خاتوو" مۆنا سالین"یان بەرئەندام کردووە.

شیاوی باسە کە پارتی سۆسیال دیموکرات بڕیاری داوە کۆنگرەی خۆی لە رۆژانی 17و18-3-3007 پێکبهێنێ.

کۆمیتەی ئامادەکاری تەنیا ئەو خاتوونەیان بەرئەندام کردووە، بەوهۆیەوە **مۆنا سالین** کە تەنیا کاندیدی سەرۆکایەتیە هەڵدەبژێردرێ و پۆستی سەرۆک وەردەگرێ.

مۆنا سالین بەوە ناسراوە کە دۆستێکی نزیکی کێشەی کوردستانە، یەکێکە لەوانەی کە پشتیوانی لە کەمپینی ناساندنی ئەنفالکردنی کورد وەک ژینۆساید کردووە.

## ئەگەر عیراق هەڵبوەشێتەوە، تورکیاش هەڵدەوەشێتەوە



سەرۆکی پارتی نیشتمانی دایکی تورکیا سەبارەت بە پرسی یەکپارچەیی خاکی عێراق رایگەیاند کە پرسی یەکپارچەیی عێراق پێوەندی راستەوخۆی بە یەکپارچەیی خاکی تورکیاوە هەیە، ئەگەر ئەو کێشەی هەبێ، کێشە بۆ تورکیاش دروست دەبێ.

**ئەرکان مومجو** سەرۆکی پارتی نیشتمانی دایک کە پارتێکی ئۆپۆزیسیۆنە لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا راشکاوانە گوتی: ئەگەر عێراق هەڵبوەشێتەوە، ئەوە تورکیاش هەڵدەوەشێتەوە.

وەک چاوەڕوان دەکرێ کە کۆبوونەوە داخراوەکانی پەرلەمانی تورکیا سەبارەت بە رەشی عێراق رۆژی سێ شەممەی داهاتوو دەست پێبکاتەوە.

راگەیاندنەکانی جیهانی کاربەدەستانی تورکیا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەیانەوێ بەشێک لە داهاتی نەوتی کەرکوکیان دەست بکەوێ، بەوهۆیەشەوە هەڕەشەکانیان چڕ دەکەنەوەو ترس و گومانی خۆیان لە دروست بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ دەردەبڕن، لەو پەنایەوە داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن و دەیانەوێ بەهەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ پێشگری لە هەڵوەشانەوەی عێراق دا بکەن.

## رۆژەڤ

رۆژانە لەرێگەی میدیاکانەوە گوێبیستی ئەو هەڕەشەو گورەشانەی دەستەڵاتدارانی تورکیا دەبینەوە کە دژ بە کورد و بە کەرکوک و بە باشووری کوردستان دووپاتی دەکەنەوە. دەوڵەتی تورکیا بێباکانە هەڕوگیف لە کوردستان دەکات و کۆنفرانسی کەرکوک لە وڵاتەکەی خۆیدا بۆ بەرەی تورکمانی و عەرەبە دەمارگیرەکان بەڕێوەدەبات و دەیەوێ لە پەرلەمانی وڵاتەکەیدا دۆسیەی کەرکوک بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لەکاتێکدا ئەمانە گشتیان دەست تێوەردانی ئاشکران لە کاروباری وڵاتێکی دیکە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی حکومەتی عێراق کە باشووری کوردستان بە پارێزگای کەرکوکیشەوە بە بەشێک لە خاکی وڵاتەکەی دەزانێ وەڵامی هەڕەشەو گورەشەکانی کاربەدەستانی تورکیا ناداتەوە؟! بۆچی دەستەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خۆیان بەرپرسیاری سەرەکی باشووری کوردستانن وەڵامی دەوڵەتی تورک نادەنەوە؟! بۆچی هێزە سیاسیەکانی کوردستان کۆنفرانسێکی هاوبەش بۆ چۆنیەتی خۆپارێزی لە لەشکرکێشی تورکیا بەڕێوەنابەن؟!

دەستەڵاتدارانی تورکیا لە سەرووشیانەوە تەیب رەجەب ئەردۆگانی سەرۆکوەزیر کە بەدۆستی نزیکی سەرکردەکانی کوردستان ناسراوە، بە بۆنەو بێ بۆنە باسی لەشکرکێشی سوپاکەی بۆ باشووری کوردستان دەکات، پەیامی بەڕێوەنەبردنی ریفراندۆمی کەرکوک رادەگەیەنێ، کەچی لەنێوەخۆی تورکیادا رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی شارەزا رەخنە لە هەڵوێستەکانی ئەردۆگان دەگرن و بەوە تاوانباری دەکەن کە دەیەوێ تورکیا دەنێو شەڕێکی گەورە بخزێنێ، کارەسات وماڵوێرانی زیاتر بۆ تورکیا بهێنێ. هەندێکی دیکە بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی دادەنێن و گاڵتەی پێدەکەن.

رۆشنبیرانی تورکیا بوێرانەترو راشکاوانەتر لە حکومەتی عێراق و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپەچی دەستەڵاتدارانی تورکیا دەدەنەوە، داکۆکی لە سەروەری خاکی عێراق و باشووری کوردستان دەکەن، ئەمریکا لەژێر زمانەوە باگۆی تورکیا دەداتەوەو رادەگەیەنێ کە عێراق وڵاتێکی سەربەخۆیە و کەرکوکیش کێشەی ناوەخۆی عێراقیەکانەو لە دەستووردا رێگەی چارەسەری بۆ دیاری کراوە. شاندی یەکێتی ئەوروپا کەبەم دواییانە سەردانی کوردستان و عێراقی کردبوو، لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی پێشکەش بە پەرلەمانی ئەوروپا کردووە، داوا دەکات کە کێشەی کەرکوک بەگوێرەی دەستووری دەنگ لەسەردراوی عێراقدا چارەسەر بکرێ، کەواتە تەنیا عێراقیەکان و دەستەڵاتدارانی کوردستان لەبەرانبەر هەڕەشەو گورەشەکانی تورکیا هەڵوێست پێشان نادەن و نایانەوێ دڵی تورکیا لە خۆیا بڕەنجێنن.

گەلی کوردستان بە خەبات و تێکۆشان و قوربانیە زۆرو زەوەندەکانی خۆیەوە بەشێکی نیشتمانەکەی رزگار کردووە، پارێزگای کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەش بەشێکی دانەبڕاوی باشووری کوردستانن، گێڕانەوەیان مافێکی رەوای نەتەوەییە، هەڕەشەو گورەشەکانی تورکیا و سیناریۆ و پیلانە هاوبەشەکانی داگیرکەرانیش نایترسێنن و لەسەر خواست و مافەکانی نەتەوەیی سارد نابێتەوە. ئەگەر سوپای تورکیا لەشکرکێشی بۆ باشووری کوردستان بکات دووچاری گەورەترین بەرخۆدان دەبێتەوە، شکست دەخواو بە شەرمەزاری دەگەڕێتەوە،چونکە گەلی کوردستان و هێزە سەربەخۆخوازەکانی بە هۆشیاریەوە لە هاوکێشە و رووداوەکان دەڕوانن، بەڵام دەستەڵاتدارانی کوردستان کە تەواوی سەروەت و سامانی کوردستانیان لەژێردەستدایەو فەرمانڕەوایی دەکەن، دەبێ ئەو راستیە باش بزانن کە بێدەنگ بوون و هەڵوێست پێشان نەدان گران لەسەریان دەکەوێ، خۆ ئامادەنەکردن بۆ بەرخۆدان و دژایەتیکردنی سوپای تورکیا تەواو پێچەوانەی خواست و سەروەریەکانی گەلی کوردستانە، بە برۆبیانۆ پاساو نادرێتەوە.

